نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ستیڤن هیچن باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد

ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە ستیڤن هیچن، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا، بڕەودان بە پەیوەندییەکان و بوارەکانی هاریکاریی هاوبەشی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆخی گشتیی عێراق، دۆخی ناوخۆ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و گفتوگۆی هەوڵێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان تاوتوێ کران.

هەردوولا جەختیان لە گرنگیی ئەنجامدان و سەرخستنی هەڵبژاردن بۆ هەرێمی کوردستان کردەوە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ پرۆسەی دەنگدان خواست. دەربارەی پەیوەندییەکانی هەوڵێر ـ بەغداش، هاوڵا بوون لەسەر ئەوەی کێشەکان بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن چارەسەر بکرێن.

لەمبارەیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لێکتێگەیشتنی هاوبەشی هەوڵێر و بەغدای بەڵێ کلیلی سەقامگیریی عێراق لە قەڵەم دا.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا هێلوەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەترسیی فراوانبوونی گرژییەکان و ئاڵۆزبوونی زیاتری ڕووشکێیان خستە بەر باس، لەمبارەیەوە هەردوولا داکۆکییان

لە پێویستیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و دوورخستنەوەی ناوچەکە لە ئەگەری تەشەنەسەندنی زیاتری شەڕ و پێکدادان و لێکەوتەکانی کردەوە.